وەزارەتی نەوتی عێراق: فرۆشتنی دوو جۆری بەنزین دەبێتە پارەدانی ئەلکترۆنی

وەزارەتی نەوتی عێراق رایگەیاند، لە سبەی هەینییەوە فرۆشتنی بەنزینی سوپەر و محەسەن لە بەنزینخانەکان دەبێتە سیستەمی پارەدانی ئەلکترۆنی و مامەڵەکردن بە پارەی کاش رادەگیرێت.

ئەمە پێنجشەمە، وەزارەتی نەوتی عێراق لە راگەیەندراوەکدا باویکردووە، بەیاری گەیینی پارەدانی کاش بە سیستەمی ئەلکترۆنییان لە بەنزینخانەکاندا بە فرۆشتنی بەنزینی سوپەر و محەسەن پەسەند کردووە.

ئاماژە بەوەش کراوە، لە سبەی هەینییەوە ٢٢ـی ئازار بەیارەکە دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە و مامەڵەکردن بە پارەدانی کاش بە فرۆشتنی بەنزینی سوپەر و محەسەن لە بەنزینخانەکاندا رادەگیرێت.

باس لەوەش کراوە، بەیارەکە بەغدا و سەرجەم پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەگرێتەوە و لە قۆناغی داهاتووشدا سیستەمی پارەدانی ئەلکترۆنی سەرجەم بەرهەمە نەوتییەکان دەگرێتەوە.